# راپۆرتی ٢٠٠٥ ی ئەمنیستی ئەنتەرناشنال لەسەر پیشیل کارییەکانی سویسرا لە بەرامبەر پەنابەران دا

راپۆرتی سالانەی ئەمنیستی ، سویسرا دەداتە بەر رەخنەیەکی توند لەسەر پیشیل کارییەکانی دژی پەنابەران وچاوپیاخشاندنەوەی بریارەکانی حکومەتی فیدرال دەربارەی پەنابەران [ توند کردنەوەی کۆت و بەند لەسەر مافەکانیان.وەرگیر]. ریکخراوی ناوبراو رەخنەشی لەو توندو تیژی یە گرتووە کە بەرامبەر پەنابەران کراوە لە مەرکەزی [ کروزلینگن ].

ریکخراوی دیفاع لە مافەکانی ئینسان ، لە راپۆرتەکەیدا رەخنە لە شورای فیدرالی سویسری دەگریت بۆ توندکردنەوەو بەرەوخراپ تر کردنی وەزعی پەنابەران.

بەپی ی ئەمنیستی هەندیک لەو پیشیل کاریانە ی کە دەولەت کردویەتی ،پیشیلی ریککەوتنامەی جنیفە لە سەر پەنابەران، بۆ نمونە : کەمکردنەوەی پرۆسەی خۆناساندنی ئاسایی پەنابەر ، ئەوانەی کە ناتوانن لە ماوەی ٤٨ سەعات دا بەلگەو مستنداتی خۆیان بهینن ، لەهەمان کات دا ئیستئناف کردنەوە لە دژی بریاری رەفز کاریکی مستەحیلە ، چونکە ماوەکەیان کەم کردۆتەوە لە ٣٠ رۆژەوە بۆ ٥ رۆژ .

[ کریستۆف بلۆخیر] سەرۆکی بەشی ماف و پۆلیس ی فیدرال ، لەبارەی نارەزایەتی یەکانی ئەمنیستی یەوە پرسیاری ئاراستە کرا، لە وەلام دا رایگەیاند کە قانون دەبیت ( ریز لە مافی ئینسان و مافی جیهانی بگریت ).

لە لایەکی ترەوە ئەمنیستی ئیدانەی (٥) حالەتی تایبەتی کردووە کە ئەمسال بەشیوەکی زۆر توند روویان داوە لە مەرکەزی ناونوس کردنی پەنابەران لە [ کروزلینگن ].

[ دینیس گراف] هاوکاری ئەمنیستی بەشی پەنابەران رایگەیاند کە ئەم مامەلە خراپانە کە لە دژی پەنابەران روویان داوە لەم مەرکەزانەدا لەلایەن ئاسایشی تایبەتەوە ئەنجام دراوە.

[ بغیجیت هۆسەر ] قسەکەری دائیرەی فیدرالی پەنابەران رایگەیاند کە تاوانبارکردنی سویسرا لە لایەن ئەمنیستی یەوە، بۆچونی یەک لایەنەی خۆیانە ، وە ئەو توندو تیژیانەی کە لە مەرکەزەکانی ئیستقبال دا روو دەدەن ، بەهۆی ئەوەوەیە کە پەنابەران حالەتیان ناجیگیرەو لە دلە راوکیدا دەژین.

ئەمنیستی پۆلیسی سویسری تاوانبار کردووە کە [ بەرخوردی خراپی کردووە وەک ئیجبار کردنی ئیستئنافی زۆرە ملی و ئیهانەی رەگەزپەرستانە ] لە بەرامبەر پەنابەران دا.

لەلایەکی ترەوە[مارتین جاگی ] سەرۆکی کۆنفرانسی بالا دەستی پۆلیسی کانتۆنەکان رایگەیاند کە : دەولەت ئاگاداری ئەم حالەتانەیە ، بەلام زیادە رۆیی بە توندی پیشی پی گیراوە .

ئەم راپۆرتە وەرگیراوە لە سایتی فەرەنسی [بلو وین]ی سویسرا وە
وەرگیرانی هۆشیار قادر